**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بـــڕیـــــار : ١٢**
**ڕۆژی دەرهێنان : ٢٠٠١/١١/١٨**

**" بڕیـــــار "**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر داوای وەزیری دادو ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران ، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠١/١١/١٨ یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرهێنا: —

یەکەم : هەر عیقارێ لە دەعواکانی ملکدارکردندا کە دەقەکانیان لە بڕیاری ژمارە (١١٩٨)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٧٧)دا هاتووە ، لە دەرەوەی دایەرەی تەسجیلی عیقاریدا فرۆشرابێ یان لە ڕێگای تەنفیزەوە فرۆشرابێ ، نرخی چەسپاوی ناو بەڵێننامەی فرۆشتنەکەی بە هەند وەرناگیرێو دەخرێتە پشتگوێو ، لە ڕێگای شارەزایانەوە دەخەملێنرێو لەسەر بنچەی ئەم خەملاندنە ڕەسم و باجی لێ دەسێنرێت.

دووەم : پێوەندیدارەکانیش بۆیان هەیە لە ماوەی پازدە ڕۆژدا - کە لە ڕۆژی خەملاندنەکەوە دەست پێ دەکات - لە بەردەمی دادگای تێهەڵچوونەوە (محكمة الأستئناف)دا بە سیفەتی تەمییزی تانە لە بڕیاری خەملاندنەکە بدەن و ، بڕیاری دادگاش ، چی بێ ، هەر ئەوەیەو بنبڕە.

سێیەم : پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخەنە بەرکار.

چوارەم : هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەرکار.

پێنجەم : ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د. ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**